# طةرمي وجود

شێروان خدر

بۆ: ژنێتی شیعر

هەورگەلێک لە پەنجەرە کۆنەکەت ڕا
پەنجەکانی یاد تەڕ دەکا،
تۆ لەوێ مشتێ وشەی ئەفرین بووی،
تامی زارمت گەرم دەکرد.

شەوگەلێک لە باوەشی مووە بە بریسکەکان
هەستو پەرێشانی لە ئامێز دەگرتی،
تۆ لەوێ پارچەیەک لە پەراسووم بووی،
وشەکانم دەنگی گەواڵەیەک بوو،
دەڕژایە ناو گوێتو بوونتەوە.
لە ناو رانمدا گەرم دەبوویتەوە.

ماچگەلێک  لەسەر کەناری لێوەکانت
بوون بە باڵندە وەرزاو وەرز رووی تێدەکردنەوە.
هەنیەت لەبن پەچە رەنگاوڕەنگاوەکان،
گەرمی لێومیان هەڵدەمژی.

چاوگەلێکی روانینەکانت رووناکییان
لە چاوەکانم دەدزی.
روانینەکان لەسەر کۆشت کۆدەبنەوە،

پەنجەکانم لە بناری مەمکت شین دەبوون.

ئەنگوستەکانم گەرمی لە هەتاوی

ئەو بنارەی تۆوە بە جەستەم دەبەخشی.

نووسینەوەکان: دڵۆپە نارنجییەکانی

سەر مەمکت بوون.

کە مەست دەبووی ژنێتی شیعرت

گەرمی وجودمی بۆ لای خۆی پەلکێش دەکرد!

کە خۆت رووت وەک پەیڤەکان نیشان دەدا،

هەتاوی جەستەت گەرمی دەکردمەوە!

سلێمانی 2005